# لاپتۆپێکی نوێ بە کوالیتی K4



لە پێشانگای ساڵانەی IFA 2019دا لینوڤۆ چەندین بەرهەمـی نوێـی خـۆی خسـتەڕوو، یەکێـك لـە بەرهەمـەکان کە جێگای سـەرنج بوو، لاپتۆپی جۆری (Lenovo Yoga C940) بوو. لاپتۆپێك بە تایبەتمەندیی جێگای بایـەخ و سـەرنج ڕاکێشـەوە. بەر لە هەمـوو شتێك کوالیتـی نیشـاندانی شاشـەکەی زۆر بـەرزە، بە کوالیتـی K4 HDRەوە نیشان دەدات. لاولاویەکی تایبەتی هەیە کە وا دەکات شاشـەکە بە هەموولایەکدا بنوشتێتەوە و تەنانـەت دەکرێ کیبۆردەکە بکەوێتە ژێر شاشـەکەوە. لە کاتێکی وادا دەکرێ وەك تەبلێت سـوودی لێببیندرێ. شاشـەکە لەمسییە و و ڕێژەی ڕووناکی دەگاتە 500 nits . لاپتۆپەکە دوو جۆرە و یەکەمیان ١٥,٦ ئینجە و ئەویتریان ١٤ ئینجە. سیستەمەکەی لە جۆری corei9یە. ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی ١ ترابایە. سیستەمی دەنگی لە جۆری dolby atmosە. بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە لە هاك کردن دڵنیا نین، وێبکەمەکەی لەوکاتانەی کە پێویستت پێی نییە دادەپۆشرێ. باتری لاپتۆپەکە ٩ هەتا ١٢ کاتژمێرە.

# تەختەداری زیرەک




شاشـەکان بـۆ نیشـاندان و نمایـش کـردن سـوودیان لێوەردەگیـردرێ، بـە زۆری شاشـەکان لەمادەیەکـی وەکـو جـام (شووشـە) دروسـت دەکرێـن. ماوەیەکـە هەوڵدەدرێـت تەختەداریـش وەك شاشـە بـۆ نیشـاندان سـوودی لێببینـدرێ.

تەختەداری زیرەکی MUI لەڕاستیدا شاشـەیەکە و لەماڵـەوە جگـە لەوەی وەك دیکـۆر سـوودی لێدەبینـدرێ، گەلێك کاریش ئەنجام دەدا.

ئەم تەختەدارە لە پێشـانگای سـاڵانەی IFA2019دا خرایـە ڕوو. (MUI) تەختەدارێکـی هۆشـمەندە وەك ئامێرێکـی زیرەك بۆ ئەنجامدانـی و کۆنترۆڵکردنـی ئامێرەکانـی ماڵـەوە سوودی لێوەردەگیردرێ.

دەکرێت بەهـۆی ئـەوەوە گۆرانـی لێبـدەی، کـەش و هـەوای ماڵـەوە کۆنتـرۆڵ بکـەی، دەرگای ماڵـەوە دابخـەی و ئامێـرە کارەباییەکانـی ماڵـەوە کۆنتـرۆڵ بکـەی.

تەختەدارەکـە سیسـتەمی وای-فـای تێدایـە بـۆ پەیوەنـدی لەگـەڵ ئامێـرەکان و هەروەهـا هێڵـی ئینتەرنێتیـش وەردەگـرێ بـۆ نیشـاندانی کەشـوهەوا و نیشـاندانی کاتـەکان..




# پشتێنێک بۆ نەهێشتنی پرخە

پرخە کردن لە خەودا نەتەنیا بۆ ئەو کەسەی پرخەکە دەکا، بەڵکو بۆ ئەوانەی لە پەنای ئەو کەسەش دەخەون کێشە دروست دەکا. لە ڕێگای پزیشکییەوە دەرمان و چارەسەرێکی وا نەدۆزراوەتەوە کە پرخە نەهێڵێت، بەڵام بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ ڕێگا چارەی ئەمەیان دۆزیوەتەوە و ئامێرێکی تایبەت بە نەهێشتنی پرخەیان بەرهەم هێناوە.

لە پێشانگای ساڵانەی IFA2019دا کۆمپانیای فلیپس ئامێری SmartSleep Snoring Band خستەڕوو.

فلیپس لەو پێشانگایەدا ئەو بەرهەمە تەکنەلۆژیانەی خستنە ڕوو کە تایبەت بوون بە پاك و خاوێنی دەم و ددان، کۆنترۆڵی چۆنییەتی هەوا، چاودێری خۆراك و ئامێری تایبەت بە خەوتن و ئامێری تایبەت بە دوو گیانی و...تاد. ئامێری SmartSleep Snoring Band یەکێك بوو لەو ئامێرانە.

چۆنییەتی خەوتن و حاڵەتی درێژبوونەکە لە پرخە کردندا ڕۆڵ دەبینێ. گەر یەکێك بەشێوەیەکی ڕێك و لەسەر کەلەکە بنووێت پرخەی نایەت. ئامێرەکە وەك پشتێن دەبەسترێ ئەگەر بەکارهێنەر خۆی خستە سەر ئەولایەی کە پرخە زۆر دەکات، دەستبەجێ بە لەرەیەك ئاگادار دەکرێتەوە.



# کامێرایەک بەقەد پەنجەیەک

لەم سەردەمەی ئێمەدا کە کامێرا دیجیتالییەکان گەلێکن و هەر مۆبایلێك بۆخۆی کامێرایەکە، بەڵام ئەم نەوەیە نەوەی وێنە نییە، هی وا هەیە زیار لە هەزار وێنەی لە مۆبایلەکەدایە بەبێ ئەوە جارێك سەیریان بکاتەوە یان ئەلبۆمێکی هەبێت. ڕۆژانە کامێرای جۆراوجۆر بەرهەم دێت، قەبارە گەورە، بچووك، کوالیتی بەرز، کوالیتی کەم،... تاد. کامێرای (Insta360 Go)یش کامێرایەکی بچووکە کە لەم دواییەدا بەرهەم هاتووە، کامێراکە بەقەد پەنجەیەك دەبێت، بچوکە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و بەهۆی ئەو موگناتیسەی لە پێشتەوەیەتی بە ئاسانی لە جلوبەرگ و چاویلکە و پێنووسەوە دەدرێت، کێشەکەی تەنیا ٢٠ گرامە.



بۆ لکاندن بە هەر شتێکەوە، موگناتیس، لەزگە، قولاب، پایەی بچووکی لەگەڵدایە.

کوالیتیەکەی ١٦٠٠ لە ٩٠٠ دایە و خێراییەکەی ١٠٠ فرێم لە چرکەیەکدایە. وێنەی ٣٦٠ پلەیی بە کوالیتی ٣٠٤٠ لە ٣٠٤٠ پیکسل دەگرێت.

لە هەر شەحنکردنەوەیەکدا نزیکەی ٢٠٠ کلیپی ٢٠ چرکەیی دەگرێت و بۆ مۆبایل بەڕێی دەکات.

# شاشەیەکی سینەمایی بە روونی K16

کوالیتی نیشاندان لەم سەردەمەدا بۆ شاشەکان، جا چ مۆبایل بن یا تیڤی یا کۆمپیوتەر گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ، هەتا ئێستا شاشەی K4 گشتگیر بووە و بۆتە باو، هەرچەندە ئەویش لەم هەرێمەی ئێمەدا بە کەمی بەکاردەهێندرێ.

سینەماکان بە دوای بەرهەمهێنانی شاشە مەزنەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، ئیدی شاشەی سینەما لە تابلۆیەکی سپی پێکنایەت کە بە هۆی تیشکی داتاشۆوە فیلمەکە نیشان بدرێت، بەڵکو وەك تەلەڤزیۆنێکی گەورە دەچن بە کوالیتی و تایبەتمەندییەکی بەرزەوە.

سۆنی لەم ماوەیەدا شاشەی جۆری CrystalLED بەرهەم هێناوە کە شاشەیەکە ١٩ مەترە و بە کوالیتی K16 فیلمەکان نیشان دەدا، هەرچەندە بۆ نیشاندانی فیلم بە کوالیتیە تەنیا شاشەیەکی وا گرنگ نییە، بەڵکو دەبێت ئەو کامێرایانەی کە فیلمەکەیان تۆمارکردووە بەو کوالیتیە تۆماریان کردبێ، کوالیتی K16 وەك ئەوە وایە بینەر لەناو دیمەنەکاندا بێت و بەشێك بێت لە کاراکتەری فیلمەکە..



شاشەکەیەکی وا مەزن کە هەم هەڵگرتن و راگواستنی سەختە لە چەندین پارچە پێکهاتووە، واتە شاشەکە یەك پارچە نییە، بەڵکو بە پێکەوە لکاندنی پارچەکان شاشەیەکی مەزن دروست دەبێ. شاشەکە لە ٥٧٦ پارچەکە پێکهاتووە. نرخی شاشەیەکی وامەزنیش خەیاڵییە و تەنیا زەنگینەکان لەدەستیان دێ شاشەیەکی وا بکرِن، چونکە نرخەکەی نزیکەی شەش ملیۆن دۆلارە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، باتری مۆبایلەکەم تێکچووە، دەمەوێ باتری دیکە دابنێم، چۆن جیاوازی نێوان باتری ئەسڵی و خراپ دەکرێت؟ لەکاتێکدا لە هەموو روویەك وەك یەك دەچن؟

نەخێر خوێنەری بەڕێز هیچ وەك یەك ناچن، جیاوازی نێوان باتری ئەسڵ و نائەسڵ بە چەند ڕێگایەکەوە دەزاندرێ، یەکەم بەدەست لێدان ئەو باترییەی کە ئاساییە لە مادەیەکی زۆر خراپ دروست بووە، هەست پێدەکەی جۆرێك هەڵمساوە، باتری ئەسڵ وا نییە. مێژووی باتری و مێژووی کارتۆنی باترییەکە وەك یەك نین. ئەو نووسراوەی لەسەر باترییەکەیە دەبێ لۆگۆی باترییەکەی پێوە بێ، نووسراوەی باتری ئەسڵی بە جوانی و بەرجەستە نووسراوە، بەڵام هی عادی وا نییە. سەرەوەی باتریی ئەسڵی لێك و لووسە، بەڵام هی باتری عادی زبرە و زۆر جیاوازی دیکەش..

## پرۆژکتۆرێک لەناو سپیکەردا

پرۆژکتۆر یا داتاشۆ ئەو ئامێرەی کە بۆ نیشاندانی داتاکان لە کۆڕوکۆبوونەوەکان، یان لە زانکۆ و شوێنەکانی راهێنان و فێرکردندا سوودی لێدەبیندرێ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. لە پێشووتردا قەبارە و کێشی داتاشۆکان گەورە بوو کە بۆ راگواستن و گەشت و گوزار ئەستەم بوو، ئێستا چەند ساڵێکە وەك زۆربەی ئامێری دیکە قەوارەکەیان بچووك بۆتەوە. بەم دواییە پرۆژکتۆرێکی بچووك کە لەناو سپیکەرێکی بەهێزدایە بەرهەم هاتووە، سپیکەری جۆری Acer C250i بەهۆی سیستەمی وای-فای و بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکانی وەك کۆمپیوتەر و مۆبایل پەیوەند دەدرێ سینەماییەکی گەڕۆکە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێ.

پرۆژکتەری ئاماژە بۆ کراو هی کۆمپانیای (ACER)ە دیزاینەکەی وەك لوولەکێك دەچێت و دەکرێ وەك بڵندگۆیەکی بلوتوسیش سودی لێببیندرێ. سیستەمی نیشاندانەکەی fullHDیە و ٣٦٠ پلەیە.


وەك ئاماژەی پێکرا لە هەموو شوێنێك دەکرێت سوودی لێوەربگیردرێ و لە هەموو حاڵەتێکیشدا بۆ نموونە دەکرێت لەکاتی خەوتندا، میچی خانوو (سقف) بکەی بە شاشە و بە درێژبوونەوە سەیری فیلم بکەی. هەرکاتێکیش شەحن بکرێتەوە دەکرێت هەتا پێنج کاتژمێر سوودی لێوەربگیردرێ. تەمەنی ئامێرەکە ٣٠ هەزار کاتژمێر دیاری کراوە. دەکرێت وەك پاوەربانکی مۆبایلیش سوودی لێوەربگیردرێ.



# پڕۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پڕۆگرامە سیخوڕییەکان

ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکار دێنن، زۆرجاران نازانن کە (هاك کەر) و ئەوانەی دزە دەکەنە ناو کۆمپیوتەرەکان چەندین پڕۆگرام و فایلی تایبەت بە سیخوڕیان لەسەر کۆمپیوتەرەکەیان دابەزاندووە و خەریکن دزە دەکەنە ناو زانیارییە تاکەکەسییەکانیان.

گەلێك جار پڕۆگرامەکانی تایبەت بە سڕینەوەی ڤایرۆس واتە دژە ڤایرۆسەکان هەست بە پڕۆگرامی سیخوڕی ناکەن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پڕۆگرامی تایبەت بە سڕینەوەی پڕۆگرامە سیخوڕییەکان لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێندرێ.




پڕۆگرامی Malwarebytes Anti-Malware یەکێکە لەو پڕۆگرامە ئەمنییەتیانە کە بەمەبەستی پێشگیری کردن لە دزە کردنی پڕۆگرامە تێکدەر و سیخوڕییەکان بەرهەم هاتووە. بە سوود وەرگرتن لەو پڕۆگرامە دەتوانرێ سکانێکی تەواو بەسەر سیستەمەکەدا هەبێ و سیستەمەکەت خاوێن بکەیەوە و دڵنیابی لەوەی کە لە ئینتەرنێتەوە هیچ کێشەیەکت بۆ نایەتە پێش.



## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی ڤیدیۆ لە یۆتیوب

ماڵپەڕی مەزنی یوتیوب گەورەترین ماڵپەڕی ڤیدیۆیە لە جیهاندا، بەبێ ژمار فایلی ڤیدیۆیی تێدایە، بەبێ سنوور و بێ گرفت دەتوانی ڤیدیۆکان سەیر بکەی، بەڵام کاتێك ویستت یەکێك لە ڤیدیۆکان دابەزێنی، دوگمەیەك نییە بۆ دانلود کردن.

بۆ دابەزاندنی فایلە ڤیدیۆییەکان یان دەبێ پڕۆگرامی تایبەت بەکار بێنی، یان لەو ماڵپەڕانە سوود وەربگری کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون.

یەکێك لەو ماڵپەڕە سەرکەوتووانەی کە بێ گرفت دەتوانی فایلە ڤیدیۆیەکەی پێ دابەزێنی، ماڵپەڕی https://youtubemp4.to/ە. لە سەرەتادا کۆپی لینکی ڤدیۆیەکە بکە و پاشان سایتی ناوبراو بکەوە و لە بۆکسێدا لەوێ بیلکێنە و ئەوکات لینکی دابەزاندنەکەت دەداتێ و دەتوانی هەر لەوێشدا فۆرماتی ڤیدیۆیکە بۆ فۆرماتی MP4 بگۆڕی..



## نۆکیا مۆبایلێکی کلاسیک- زیرەک بەرهەم دێنێ

هەتا چەندین ساڵ نۆکیا لە ریزی سەرکەوتووترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆبایل سەیر دەکرا و بە کردەوەش وابوو، بەڵام کاتێك خۆی لەگەڵ سیستەمی هۆشمەند و ئەندرۆید نەگونجاند، ئیدی بەتەواوی لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا خۆری بەرەو ئاوابوون چوو.

لەم ماوەیەدا نۆکیا مۆبایلێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە ئاوێتەکە لە مۆبایلە کلاسیکەکانی پێشوو و مۆبایلی سەردەم..

مۆبایلی جۆری F(x)tec Pro1 لەراستیدا مۆبایلێکی زیرەکە بەڵام کیبۆردێکی چەکمەجەیی هەیە و بۆ ئەوانەی حەز ناکەن بە کیبۆردی لەمسی بنووسن.

دیزاینی مۆبایلەکە لە نۆکیای جۆری E7 وەرگیراوە کە هی ئەوکاتە بوو نۆکیا لە لوتکەدابوو. خودی مۆبایلەکە تایبەتمەندییەکانی لەریزی مۆبایلە سەرکەوتووەکان دێت. شاشەکەی شەش ئینجە، رامەکەی ٦ گیگایە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە و دەکرێ میمۆری ٢ ترابایتیشی بۆ دابندرێ. کامێرای پشتەوەی ١٢ میگاپیکسلە و هی پێشەوەی ٨ میگاپیکسلە. دوو سیمکارتەیە. سیستەمی ئەندرۆید ١٠ی لەسەرە.

